# شەریف پاشا. کێ بوو؟

نووسینی: ڕۆهات ئالەکۆم    وەرگێڕانی: کاوە ئەمین

بەشی سێهەم



Cherif Pascha
(Hvar 8 dag, nr 36/1908)

لە کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەمدا، دەوڵەتی عوسمانی هەرەسی هێنا، ئەوە بوو لە کۆنفرانسی پاریسدا، دەستکرا بە گفتوگۆکردن لەسەر چارەنووسی داهاتووی ئەو دەوڵەتە. شەریف پاشا وەکو نوێنەری کورد لەلایەن (جەمعیەتی تەعالی کوردستان) وە کە نێوەندەکەی لە کۆستەنتینپۆڵ بوو، دیاری کرا. وەکو نوێنەری کوردەکان، پارێزگاری لە مافە نەتەوەییەکانی کورد کرد لە گفتوگۆکانی سێڤرس لە نزیک پاریس لە ساڵی 1919. شەریف پاشا لە دیکۆمێنتێکدا، داخوازییەکانی کوردی کۆکردەوە و لەگەڵ نەخشەیەکی کوردستان کە سنوورەکانی تێدا دیاریکرابوو، گەیاندییە کەسایەتی و دەزگا دەوڵەتییە جۆراوجۆرەکان. لە ڕۆژ 22 مارسی 1919 دا، ئەو دیکۆمێنتە مێژووییە لەلایەن شەریف پاشاوە لە چواردە لاپەڕەدا بلاوکرایەوە. وەکو سەرۆکی وەفتی کوردی، شەریف پاشا، لە کۆنفرانسەکەدا لە چەندین گفتوگۆ و دانیشتندا بەشداری کرد کە پەیوەندیان بە مافەکانی کوردەوە هەبوو، هەم بە نوسین هەم لە ڕێگای ئاخافتنەکانییەوە هەڵوێستی خۆی ئاشکرا کرد. هەندێک لە وتارەکان و گفتوگۆکانی، لە ڕۆژنامە فەرەنسییەکاندا بلاوکرانەوە.

دوای چەندین دانیشتن و گفتوگۆ، پەیمانی ئاشتی مێژووی سێڤرس لە 10 ئاوگوستی 1920، ئیمزاکرا. لە خاڵەکانی 62-64 ی پەیمانەکەدا، بۆ یەکەمین جار لە دیکۆمێنتێکی نێونەتەوەیدا، ددان نرا بە ئۆتۆنۆمیەکی سنووردار و مافە نەتەوەییەکانی کورد دا. لە خاڵی 64 دا، ئیمکانی ئەوە بۆ کوردەکان دەستەبەرکراوە کە دەوڵەتێکی سەربەخۆی خۆیان جودا لە تورکیا دامەزرێنن، ئەگەر یەکیەتی نەتەوەکان پێی وابێت کە کوردەکان توانای بەڕێوە بردنی دەوڵتێکی سەربەخۆیان هەبێت.

دیکۆمێنتی کۆتایی ئەو پەیمانە کە تێیدا ددان بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردا نراوە، لەلایەن تورکیا و سەرۆکە نوێیەکەیەوە (مستەفا کەمال ئەتاتورک)ەوە ڕەتکرایەوە. تێکۆشانی شەریف پاشا لەسەر مەسەلەی کورد بووە هۆی بەرپاکردنی نارەزایەتیەکی بەهێز لە تورکیا بە دژی شەریف پاشا و، بە خائینی گەل و وڵات تاوانباریان دەکرد. لە شارە جیاوازەکانی کوردستانەوە، تەلەگرافی نارەزایەتی بۆ هەموو

دامودەزگاکان لە کۆستەنیێپول نێردرا، لەوانەش بۆ کۆنسولی سوێدی، بە دژی ڕێکەوتنی نێوان کورد و ئەرمەنیەکان. هیچ کەسێک بە تەواوەتی نازانێت کە ئاخۆ کێ ئەو تەلەگرفانەی ڕەوانەکردووە، تەلەگرافنێرەکان کەسانێکی گومناو بوون. ڕاگەیاندنی تورکی بە شێوەیەکی توند نارەزایەتیان بە دژی شەریف پاشا دەربڕی. شەریف پاشا هەم لە کوردستان و هەمیش لە تورکیا وەکو کەسێک کە مافەکانی کوردی دەپاراست، ناسرا. بەڵام کاتێک مافەکانی گەلی کورد لەلایەن تورکیاوە ڕەتکرایەوە، زلهێزەکانیش هەڵویستی خۆیان گۆڕیی لە مەڕ کێشەی کوردەکان بەهۆی بەرژەوەندیەکانی خۆیان لە ناوچەکەدا. جارێکی تریش کوردەکان بە چارەنووسی خۆیان سپێردران.

کێشەی بەردەوامی نێوان کوردەکانی کۆستەنتیبپۆل، بارودۆخەکەی هێندەی دیکە زەحمەتتر کرد بۆ شەریف پاشا، کە نوێنەرایەتی دەکردن و کێشەکەی لە پاریس خستبووە بەر باس. بە گوێرەی هەندێک سەرچاوە، شەریف پاشا چووە بۆ میسر و لەوێ نیشتەجێ بووە. هیچ بەڵگەیەکی بڕواپێکرا نیە بۆ سەلماندنی ئەم بانگاشەیە. زۆربەی ئەو سەرچاوانەی کەمن تاوتوێم کردوون، ئەوە نیشان دەدەن کە ئەو لە ئیتاڵیا مردووە.

هەروەها هەوڵم دا، لەڕێگای سەفارەتی سوێد لە قاهیرە، زانیاری لەسەر ساڵەکانی کۆتایی ژیانی شەریف پاشا بەدەست بخەم. بەڵام لەو نامەیەی کە (مۆری 25 فێبروەری 1995ی پێوەیە) لەلایەن ڕاوێژکاری سەفارەتی سوێدوە (هانس ئۆلسون)وە بەدەستم گەیشتووە، ئەوەمان نیشان دەدات کە سەرەڕای ئەو هەوڵە زۆرەی داویانە، ئەو زانیاریانەی کەمن بەدوایاندا دەگەڕام، نەتوانراوە بەدەست بخرێن. گفتوگۆ لەسەر ڕۆژی کۆچی دوایی شەریف پاشا، تا ماوەیەکی زۆر لە کتێبە مێژوویەکاندا، درێژەیان کێشاوە. هەتا ئێستاش هەر لەسەر ئەوە سوورن کە شەریف پاشا لە ساڵی 1944 لە قاهیرە، کۆچی دوایی کردووە، هەروەها من خۆیشم لەو کتێبەی کە لەسەر شەریف پاشا نووسیومەو لە ساڵی 1995 لە ستۆکهۆڵم بڵاوکراوەتەوە، هەر ئەو ساڵەم وەکو ساڵی مردنی شەریف پاشا نووسیوەتەوە. بەڵام دوای بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبەش، من بەردەوام بووم لە لێکۆڵینەوە لەسەر ڕۆژی مردنی شەریف پاشا. ئەو بەڵگانەی کەمن بەدەستم خستوون ئەوەمان نیشان دەدەن کە شەریف پاشا لە ساڵی 1951، واتە حەوت ساڵ دوای ئەو تەئریخەی کە باسی لێوە کراوە، کۆچی دوایی کردووە.